تاقیکردنەوەی نیشتمانیی پێڵی دوازدەی ئامادەیی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو

ئەمڕۆ یەکشەممە (23ـی حوزەیرانی 2024)، تاقیکردنەوەی نیشتمانیی پێڵی دوازدەی ئامادەیی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو.

لەوبارەیەوە، وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لەسەر داوای وەزارەتی پەروەردە کەمپانیاکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت ئاگادارکراونەوە کە لە ئەمڕۆ یەکشەممەوە تاوەکو 17ـی مانگی داهاتوو، لە ڕێژانی تاقیکردنەوەی قۆناغی 12ـی ئامادەیی دوو کاتژمێر خزمەتگوزارییەکانیان رابگرن.

دیلان ڕەشاد وتیشی، راگرتنی ئینتەرنێت لە ڕێژانی تاقیکردنەوەکاندا لەکاتژمێر 6:00ـی بەیانی تاوەکو 00:8ـی بەیانی دەخایەنێت.